# زمانی ستاندارد

**پ. د.محمد عبدالفتاح حمەسعید (د. محەمەدی مەحوی) – د. شاخەوان جلال**
**فرج/ زانکۆی سلێمانی/سکوڵی زمان/ بەشی کوردیی**

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە بۆ پێویستی بەستانداردکردنی کرمانجیی ناوەڕاست لەخزمەتی (پەروەردەوفێربوون) دا تەرخانکراوە، بۆ ئەم مەبەستە بەشەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە خراونەتە ڕوو :

لەبەشی یەکەمدا هەندێك لایەنی دیاریکراوی ستانداردو بەستانداردکردن، لەگەڵ چەند زاراوەیەکی بنەماییدا ڕونکراونەتەوە ، هەر لەم ڕوانگەیەیشەوە بابەتی (پلاندانان بۆ زمان) گفتوگۆی لەسەرکراوە و لەو چوارچێوەیەیشدا چۆنیەتی هەڵاوێردکردنی زارێك بۆئەوەی بکرێتە زمانی ستاندارد، وەك بوارێك لە بوارە گرنگەکانی پلاندانان بۆ کۆرپەی زمان (Language Corporate) دیاریکراوەو هاوکات ئەوەیش ڕوونکراوەتەوە چۆن ئەم پلاندانانەیان، واتە:

أ- هەڵبژاردنی نوسین (ئەلفوبێی کوردی) ب- ئۆرسۆگرافی پ-دروستەی زمان و دروستەی دەنگ ت- گەنجی وشە ج- ڕێزمان چ-شێواز ،دەگرێتە خۆ.

لە بەشی دووهەمدا بارو حالەتی ئەمڕۆی زمانی کوردی خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لێرەیشدا هۆکارەکانی بەستانداردکردنی کرمانجیی ناوەڕاست تاووتوێکراون، کە خۆیان لەوەدا دەبیننەوە حوکمەتی هەرێمی کوردستان، دامودەزگاکانی، دادگاو پەرلەمان، پەروەردەو خوێندن، لەگەڵ ڕاگەیاندندا پێویستی بنەڕەتی تەواویان پێی هەیە، بۆیە ئەوە خراوەتە ڕوو، کەبۆ بەستانداردکردنی شێوەزاری سلێمانی (کرمانجیی ناوەڕاست) پێویستمان بە فەرهەنگی ئاوەزیی و شیکردنەوەی پەسنکەرانەی زمانی ئاخاوتنەکەو دەرهێنانی ڕێزمانەکەیەتی وەك مۆدولێکی مێشکی مرۆڤی کورد.

بەشی سێهەم بۆپەروەردە لەوەرگرتن و فێربووندا دانراوە. لەم بەشەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کەلە پرۆسەکانی خوێندن وپەروەردەی زمانی دایکدا زمانی ستاندارد وەردەگیرێت (aquired). گەنجی زمانەکە/نۆرمە هەڵهێنجراوەکانی زمانەکە، کە یاساکانی ڕێزمانن لەگەڵ فەرهەنگەکەدا، بەسەر بابەتەکانی خوێندندا دابەشدەکرێن، بەجۆرێك، کەتەواوکەری یەکتربن. بۆ ئەم مەبەستەیش ئەو پێکهاتەو ئەدگارانە خراونەتەڕوو، کە تاوەکو ئەمڕۆ لە قۆناغەکانی خوێندندا، لە باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی بەکالۆریۆسی زانکۆ لەبەشە کوردیەکاندا نەخوێندراون و نەئاماژەیشیان پێدراوە، لەوانە بۆ نموونەپێکهاتەکانی کرداری ئاڵۆز (مۆرفۆسینتاکس)، بکەرخراویی، پێڕەوی ئەرگەتیڤی... هتد.

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان وپوختە پێشکەشکراون.

## بەشی یەکەم

## بەستانداردکردن و زمانی ستاندارد

**پلاندانان بۆ زمان (Language planning):**

پلاندانان بۆ زمان زاراوەیەکی "زمانی کۆمەڵایەتیی" ەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کردەی پەیوەندی لەیەکگەشتنە لەناو کۆمەڵدا. چارەسەرکردنەکە لەڕێی شیکردنەوەی زمان و سیاسەتێکی/ڕێکخستنێکی زمانەوە بەدەستدەخرێت (language policy) . ڕێکخستنەکە بریتییە لە : (ا) هەڵاوێرکردنی زارێك/زمانێك و (ب) جێبەجێکردن/بەجێهێنان.

Status planningپلاندانان مامەڵەلەگەڵ زارە سەرەکییەکانی زمانێکدا لەگەڵ ئاست و مەوقیعیدا بۆباروحاڵەت ،پەیوەست بە زمانەکانی دەوروبەرەو دنیاوە دەکات.

( Corpus planning) یان هەڵاوێرکردنی زارێك، بۆ ئەوەی بکرێتە زمانی ستاندارد، لە بوارە گرنگەکانی پلاندانانە بۆ کۆرپەی زمان (Language corporate ). ئەم پلاندانانەیان :(ا) هەڵبژاردنی نوسیین (ئەلفوبێی کوردیی)، (ب) ئۆرسۆگرافیی (پ) دروستەی زمان و دروستەی دەنگ، (ت) گەنجی وشە، (ج) ڕێزمان و (چ) شێواز دەگرێتەخۆ. "بەستانداردکردن" لە پلاندانان بۆ زمان و بۆ کۆرپەی زمان پێکدێت. نموونەیەکی بەستانداردکردن زمانی ستاندارده. بەستانداردکردن و بەجفرەکردنی زمانی کوردیی ئەمانەمان بۆ مسۆگەردەکەن[1]:

ا- چەسپاندنی یاساکانی دروستنوسین/ئۆرسۆگرافیی بە یەکگرتوویی.

ب- نیشاندانی زانیارییەکان دەربارەی دەربڕین، ڕێزمان ، وشەنامەو شێواز.

کەواتە بەستانداردکردن کەمکردنەوەی جۆراوجۆرییە (زارەکان)، بەکۆدکردن و چەسپاندنی گەنجی زمانە (Language codex) لەسەر گشت ئاستەکانی ڕێزمان.

لە دنیادا بۆ هەموو زمانە زیندووەکان، گرنگە کە زمانەکەی پێیبنوسرێت، چونکە فۆرمێکی نوسین (ئەلفوبێی کوردی،یان ئەلفوبێی لاتینی) پلاندانان و دانانی دەق ئاسانتردەکات، بناغەیەك بۆ پرۆسەکانی بەرهەمهێنان بە زمان ئامادەدەکات و بەم جۆرە، فۆڕمە ستانداردەکانی زمانی قسەکردن دەچەسپێنریت و گەشەیان پێدەدرێت (بڕوانە بۆ نموونە خاڵبەندی و دروستنوسیین). لەمەوە زمانی خوێندن، زمانی زانست، زمانی ڕاگەیاندن و زمانی دیوان دەبنە بناغەی پەروەردەو ناسنامەی نەتەوە، بەتایبەتیی وەك تاکە جۆری زمانی شکۆداری هەموان.

زمانی ستاندارد: ئەو زمانەیە، کە پرۆسەکانی بەستانداردکردنی بەسەردا جێبەجێکراون و بریتیین لە هەڵاوێرکردنی نۆرمێك/زارێك، بەکۆدکردنی نۆرمەکان، پەسەندکردن و بڵاوبوونەوەی نۆرمەکان لەناو خەڵکدا لەگەڵ گەشەپێدانی لەلایەن کۆمەڵگاوە/جڤاتەوە. زارەکە بۆ جۆری زمانی نوسین و قسەکردنی جڤاتێك/وڵاتێك بەکاردەهێنرێت، بۆیە دەبێت هەندێك دەزگا (سەرۆکایەتی هەرێم، یان پەرلەمان) دەسەڵاتی کارپێکردنی لە نوسیین و ئاخاوتندا پێببەخشێت.

ئاشکرایە، کە زمانی ستاندارد لە زارەکانی زمانەك، کە لێیانپێکهاتووە ڕاستتر یان دروستتر نییە، چونکە لە هەموو ئەوانەوە هەڵێنجراوە.نموونەیەك بۆ ئەو یاسایانە: ئەم جۆری زمانە وەك شاکارێك لە یاسا، لە

[1] ئەم ڕاڤەکردنە لە پرۆژەی "بەستانداردی کوردیی" محەمەدی مەحویی (٢٠١٠/٢٠١١) وەرگیراوە.

ڕێزمان و وشەنامەکەی زمانەکە (گەنجی زمانەکەی) دروستبووە. ڕێسا بنەڕەتییەکانی زمانەکە بۆ هەموو زارەو وەچەزارەکان دەخوات. نموونەیەك بۆی ڕێسایەکی بەرهەمهێنانی ڕستەیە، کە لادانەکان لێی ڕوونکردنەوەی خۆیان هەیە:

یاسای ڕێکخستن/ریزبوون:
کورد رستە بەڕیزبونی "بکەر – بەرکار – کردار" ەوە بەرهەمدەهێنێت، ئەگەر کردارەکە پێشناوێکی ئاڕاستەی پێوەنەبێت یان فرێزێکی پێشناویی لەگەڵدا نەبێت:

١_ نەرمیین گۆرەوەی دەچنێت.
٢_ نەوزاد شوتیەکەی خستە ناو حەوزەکەوە.

بەکۆدکردن/بەجفرەکردن: بەکۆدکردن[٢] بریتییە لە تۆمارکردنی ڕوون و ئاشکرای نۆرمێك (یاسای ڕێکخستن) لە شێوەی یاسادا. هەر نۆرمێك یاسایەکی زمانەکەیەو بەتایبەتی لە بابەتەکانی خوێندنی زمان و وێژەوانییدا دەخوێندرێت و لە ئاخاوتندا بەتەواوی ڕەچاودەکرێت.
لەسەر گشت ئاستەکانی ڕێزمان دەکرێن : پێڕەوی نوسیین، ئۆرسۆگرافیی، بەکۆدکردن و چەسپاندنی گەنجی زمان دەنگ و دەربڕین لەگەڵ سیمانتیك (فەرهەنگ وشەنامە بۆ واتاو بۆ دروستنوسین و بۆ دەربڕین). وشەنامەکان بۆ بەکارهێنانی دروستی وشەو شێوازی گونجاون، چونکە بەکۆدکردن یاساکانی وشەنامەیش دەگرێتەوە.
پێناسەی زمانی ستانداردو ڕێگەدانی دەستوریی پێی، ڕێگە لەوە دەگرن فۆرم/جۆری دیکە (کرمانجیی سەرو، گۆران، زازا) لەگەڵ ئەو زمانە ستانداردەدا بەکاربهێنرێت. ئەوەی لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستاندا دەبینرێت، پێچەوانەی ئەم ڕاستیی و نەریتە جیهانییەیە. بۆ کەسانی بیانیی، ئەم زمانی ستانداردە زمانی ڕۆشنبیرو خوێندەوارە. ئەمەیش لەبەرئەوەی دەستورییەو وەك چەشنی کۆمەڵایەتیی لە زارو وەچەزارە دەڤەرییەکان گرنگترە [٣].

## بەشی دووهەم
## بارو حالەتی ئەمڕۆی زمانی کوردیی

کرمانجیی ناوەڕاست، لە بیستەکانی سەدەی پێشوەوە بەرەو بەستانداردبوون ڕۆیشتووە، بەڵام وەك زمانی قۆناغەکانی خوێندن، دادگاو دامودەزگاکانی حکومەت، تەواو پڕاوپڕ (adequate) بەستاندارد نەکراوە. هۆی ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانەوان و ڕێزمانەوانە کوردەکان بە هۆشیاریی و بەئاگاو مەبەستەوە لێکۆڵینەوەی پێڕەوبەندانەی (systematic) زانستییان بەمەبەستی بەستانداردکردنی زمانەوە لەسەر بوارو بابەتەکانی تەواونەکردووە. بەڵگەیەك بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە، کە خوێندن و زمانی زانست

[٢] زانیاریی زۆرتر لەسەر بەجفرەکردن لە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٧) دا دەخوێنیتەوە.
[٣] دەربارەی مۆدێلێکی بەستانداردکردن، بڕوانە Haugen (1966, 1978) !

لەهەموو قۆناغەکاندا بە زمانی ستانداردی ڕووت نین[٤]. بەکارهێنانی زمان، بەدەم بێت یان بەنوسیین، لە ڕاگەیاندن و ویژەوانیشدا لەم ڕاستییە بەدەرنییە[٥].

– بۆ بەستانداردکردنی شێوەزاری سلێمانی (کرمانجیی ناوەڕاست) پێویستمان بە فەرهەنگی ئاوەزیی و شیکردنەوەی پەسنکەرانەی زمانی ئاخاوتنەکەو دەرهێنانی ڕێزمانەکەیەتی، وەك مۆدولێکی مێشکی مرۆڤی کورد[٦].

– لە قۆناغەکانی خوێندندا، پەیوەست بە زمان و ویژەوانییەوە، زمانی ستاندارد وەردەگیردرێت. فێربوون و فێرکردنەکە زمانی ستانداردو کولتووری کوردیی دەگرنەوە. لەنەبوونی زمانێکی ستانداردا (گەنجی زمان language codex)، کە لە( فەرهەنگی ئاوەزیی[٧] mental lexicon) و ( ڕێزمان[٨]) پێکدێن، پرسیارگەلێك، کە پێویستە بکرێن، بەم جۆرە دادەڕێژرێن:

دەبێت مەبەست و ئامانجی خوێندنی زمانی کوردیی چی بن؟

دەبێت بەرنامە، بوارو بابەتە هەڵبژێردراوەکانی گەنجی زمانەکە بۆ پرۆسەکانی وەرگرتن چی بن؟

چۆن و بەکام ڕێگایانە ئەوانە دەستنیشاندەکرێن و بۆ هەڵێنجانیان پێشکەشدەکرێن؟

ئاشکرایە، کە لە توێژینەوەیەکی لەم چەشنەی بەردەستتاندا، تواناو هەلومەرجی وەڵامدانەوەی تەواوی ئەو پرسیارانە بەتەواویی نییە، بۆیەتەنها هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك لایەنی زانستیی کێشەو گرفتەکان دەدرێت.

کێشەو گرفتەکان :

بەتایبەتیی پەیوەست بە پەروەردەو فێربوونەوە ئەم ڕوونکردنەوانە پێویستن:

ا- زمانەوان و ڕێزمانەوانە کوردەکان، لەلایەکەوە شیکردنەوەی (بەرلەپەسنکەرانەی prescriptive analysis[٩]) زمانەکەیان پێشکەشکردووەو لەلایەکی تریشەوە لە ئامادەکردنی وشەنامەو فەرهەنگەکانیاندا سوودیان لە زانستەکانی لێکسیکۆلۆژیی و لێکسیکۆگرافیی نەبینیوە. ئەو زمانەوانانەی دوای ساڵانی نەوەدەکان، شیکردنەوە پەسنکەرانەکانیان بەمەبەستی بەستانداردکردنی زمانەکە جێبەجێنەکردووەو بەرنامەکەیان بۆ ئەو ئامانجە نەبووە[١٠]. هەوڵە زانستیەکان بەگشتی بۆ ئەوە بوون، فۆرمە دروستەکانی/ڕاستەکانی زمان لە نادروستەکانیان/چەوتەکانیان جیابکرێنەوە. هۆی ئەمیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ویست و ئامانجیان ئەوە بوو، قسەکەری کورد فۆڕمی ڕاست و دروست لە ئاخاوتندا

---

[٤] وردەکاریەکانی ئەم بابەتە لە محەمەدی مەحویی (٢٠١٠_٢٠١١) پڕۆژەی بەستانداردکردنی زمانی کوردیی دا دەخوێنیتەوە.

[٥] محەمەدی مەحوی (٢٠٠٠) .

[٦] لێرەدا تەنها ئاماژە بەو تایبەتمەندییەی مێشك و زمانی مرۆڤ دراوە، کە مۆدولاریین، واتا کە لە پێڕەوی چڕو ئاڵۆزی سەربەخۆ لەکاردا_بوو پێکهاتوون.

[٧] Halbe, H. (1976).

[٨] Chomsky (1965, 1968, 1975), Cherubim, D. (1976).

[٩] Bense, E. und andere (1976), Hockett, C. F. (1958).

[١٠] بۆئەم لایەنە بڕوانە بۆ نموونە ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩_ب)،(١٩٩٨)،(٢٠٠٠) !

بەكاربهێنێت. هەر لەبەر ئەمەیش بوو، نەریتێكی فەرماندەرییان (فێركردن بە فەرمان) كردە بناغەی خوێندن و پەروەردەوە[11].

چەند نموونەیەكی ڕوونكەرەوە بۆ نەریتی فەرماندەریی:

– رستە بەڕێسای s.o.v. دروستبكە!

– بە خاڵێك كۆتایی بە ڕستە بهێنە!

لە ئەنجامی ئەو ڕێزمانە فەرماندەرییەدا ژمارەیەك دیاردەو پرسیاری سەرسووڕهێنەر كەوتونەتەوە، كە لێرەدا لەبەر گرنگیان بۆ پەروەردەو فێربوون ئاماژە بە هەندێكیان دەدرێت:

لە شەستەكانی سەدەی پێشودا، پەیوەست بە فۆڕمی دروستی/نادروستی زمانی ئاخاوتنەوە، ڕێزمانەوانی زمانی عارەبیی "مصگفى جواد" بۆ ماوەی دە ساڵێك بەرنامەی "قل ولاتقل" (بەم شێوەیە بدویّ و وەها مەدویّ!) ی پێشكەشكردو ناوبانگێكی زۆری بۆ خۆی بەدەستهێنا. هەروەها مامۆستای زمانی كوردیی "د. هۆگر مەحموود فەرەج" بەرنامەیەكی لە زنجیرەیەكی هاوشێوەیدا لە ڕۆژنامەی هەولێردا بڵاوكردەوە، كە ژمارەیان گەیشتە بیستوحەوت بڵاوكراوە، لەونموونانەش:

١_*كۆمەڵگای كوردەواری – كۆمەڵی كورد

٢_*یاریزان – یاریكەر

٣_*چالاكوان– چالاك[12]

وەك دەرەنجامێكی ڕێزمان و خوێندنی داخراوی فەرماندەریی، ئەگەری ئەوە هەبووە ململانێی ڕامیاریی نێوان پارتەكانیش خۆیان و ڕێزمانەوانە كوردەكانیان بەرەو هەڵە لە بەكارهێنانی زمان و دانانی زاراوەدا ببەن: لە كاتێكدا /قوتابی/ لە "قوتابخانە" دا بە پرۆسەكانی پەروەردەو فێربووندا تێدەپەڕێت و /خوێندكار/ یش لە "زانكۆ" دا پیایاندا دەڕوات، "یەكێتی قوتابیان" لەلایەن پارتێك و "كۆمەڵەی خوێندكاران" یش لەلایەن پارتی هەمبەرییەوە كراوە بە شازاراوە (super-hyponym) بۆ هەموو قۆناغەكان. حاڵەتەكان لە دانانی زاراوە چەوتەكەی "زانكۆ" دا بۆ "زانستگا" دەچێت، كە بە فەرمان دانراو بە فەرمانیش جێبەجێكرا. لەم بابەتەوە دەپەڕینەوە بۆ پرسیارەكان.

گەلێك جار، لە دەرەوەی زانكۆو تەنانەت لەناو بەشەزانستییەكانی ناو زانكۆیشدا، وەك باڵاترین دەزگای زانستیی و ڕۆشنبیریی، لەم چەشنە پرسیارانە كراون:

ئایا هەر یەك لە ڕستەكانی (٤) و (٥)، كامیان ڕاستە؟

ئایا هەر یەك لە ڕستەكانی (٤) و (٥) كامیان ڕاستترە؟

٤_ا) نەوزاد بۆ قوتابخانە چوو. ~ _ب) نەوزاد چوو بۆ قوتابخانە.

٥_ا) ئارام گۆشتی مریشك بەدەست دەخوات. ~ _ب) ئارام بەدەست گۆشتی مریشك دەخوات.

---

[11] بڕوانە سەرچاوەكانی خوێندنی زمانی كوردیی پۆلی یەكی سەرەتایی تاوەكو سێی ناوەوندیی! هەروەها بەرنامەی "قل و لا تقل" ی (مصگفى جواد)، كە بۆ بەكارهێنان و فێركردنی زمانی عارەبیی دانرابوو لەگەڵ ئەو هەوڵەی هۆگر محموود فرج دا بەراوردبكە، كە لە ڕۆژنامەی (هەولێر ) دا بە هەمان پرۆگرام و ئامانجەوە بڵاودەكرایەوە!

[12] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕاڤەكردنی ئەم نموونانە، بڕوانە: هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠١٠_ا ،٢٠١٠_ب،٢٠١٠_پ ).

ئاشکرایە، کە هەر یەك لە ڕستەکانی (ا) و (ب) ی هەر یەك لە نموونەکانی (٤) و (٥) ڕستەی پەسەندی کوردیین و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیشدا ئاسایی دەبیسترێن. ڕستەکانی هەر نموونەیەکیان فۆڕمی بەرجەستەبووی سەرپشکیی دروستەیەکی قووڵن/بنەڕەتیین. ئەوەی تیایاندا جوڵێنراوە، فرێزێکی پێشناوییە. ئەوەی ئەگەری جێگۆڕکێی ئەو فرێزە پپشناویانەی ڕەخساندووە، ئەوەیە، کە لەو چەشنە فرێزەدا سەری حوکمکەری ڕێزمانیی (پێشناوەکە) و حوکمکراو (فرێزە ناویەکەی دوای پێشناوەکە) پێکەوە وەك یەکەیەکی ڕێزمانیی/سینتاکسیی ئەگەری جێگۆڕکێیان هەیە، بەتایبەتیی ئەگەر کرداری ڕستەکە کرداری جووڵە بێت و فرێزە پێشناوییەکەیش ئاڕاستەکەی دەربڕێت[١٣]. ڕوونکردنەوەکە پێویستیی شییکردنەوە، پاساوهێنانەوەو سەلماندنی وردو زۆرتر لەسەر پرسیارو بەدواداچونەکان و بۆ دانانی زاراوەکان ئاشکرادەکەن، کە هەم ڕێزمانە فەرماندەرەکە ڕێگربووە بۆیان و هەم ژینگەکەیش ئامادەنەبووەو ئامادەنەکراوە بۆیان.

لەبری شێوازی فەرماندەریی، ئەمڕۆ زمان وەك خۆی چۆنە، پەسندەکرێت / وەسفدەکرێت و نەریتی هەڵهێنجانی فۆرم و شێوەکان بۆ فێربوون لەلایەن قوتابی، فێرخوازو خوێندکارەوە لە وانەکان سودی لێدەبینرێت[١٤].

نەریتی هەڵهێنجان:

کورد بەو جۆرە ڕستە دروستدەکات، کە بکەر و بەرکارو کردار یەك لەدوای ئەوی تریان دێت.

کورد دەڵێت:

٦_ من سێو دەخۆم.

٧_ئەو نامە دەنوسێت.

لە زمانی نوسییندا، ڕستە بە خاڵێك کۆتایی دێت، ئەگەر ڕستەی پرسیار یان سەرسوڕمان نەبێت. ~

لە کۆتایی ڕستەدا خاڵێك دادەنرێت، ئەگەر ڕستەی پرسیار یان سەرسوڕمان نەبێت.

لە زمانی نوسییندا، ئەگەر دەربڕاوێك بە خاڵێك کۆتایی هاتبێت، ڕستەیەکە.

ب- زمانی نوسین مۆدولارییە[١٥]: لەلایەکەوە لە چەند وەچەپەیڕەوێکی جۆراوجۆردا (سینتاکس، مۆرفۆلۆژیی، فۆنۆلۆژیی و سیمانتیك)، پێکهاتە جیاوازەکانی ڕێزمان بەرێساو نواندنە ڕێزمانەکانییەوە، بنەماو بناغەی زمانی نوسینن و لەلایەکی تریشەوە بەند و بەستراون بەمەرجی ئاوەزیی و کۆمەڵایەتییەوە (social cognitive conditions).

پێویستە دانان و ڕێکخستنی زمانی نوسین پەیوەست و وابەستە بەڕێزمانەوە لێیان بکۆڵرێتەوە. ئەمەیش لەبەرئەوەی ئێمە لە ڕێزمانێکی مۆدۆلاریی و فەرهەنگیی ئاوەزییەوە دەردەچین. فەرهەنگەکە پێکهاتەی چەقیی و ناوەندیی وشە دروستکردنە. لێرەوە دەزانرێت، کە یاساکانی دانانی پیت (گرافیم بۆ دەنگەکان/فۆنێمەکان) لە (دەرکردەکانی) فەرهەنگداجێبەجێدەبن، بەڵام خاڵبەندی لەسەر بناغەی دروستە

[١٣] بڕوانە محەممەدی مەحویی (٢٠٠١)!

[١٤] بڕوانە بۆ نموونە، سەرچاوەکانی "خوێندنی کوردیی" پۆلی یەکی بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتیی، کە (٢٠١٣) لەلایەن هەندێك پسپۆڕەوە دانراون!

[١٥] دەربارەی مۆدولارێتیی زمان بڕوانە بۆ نموونە Chomsky (1965) !

سینتاکسییەکان دیاریدەکرێت و دەشێت بەندیش بن بە دروستەی فرێزی ئاوازەییەوە ( intonational phrases) و دروستەی سەروو سەگمێنتییەوە –[١٦] supra-segmental structures. زمانی نوسینی ئەمڕۆمان یان کەمەکیی شوێنێکی لە پێکهاتەکانی ڕێزماندا هەیە، یان بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، کەهەر نییەتی، چونکە ڕێزمانێکی تەواو و پڕاوپڕی پەسنکراوی کوردیمان لەبەردەستدا نییە، بۆی گەڕابێتینەوە.

پ– هەبوونی دوو پێڕەوی نوسیین لەگەڵ دوو زاری بەستانداربوودا، گرفتێکی تری باروحاڵەتی ئەمڕۆی زمانەکەمانە. ئێمە بۆیە بۆ زمانی نوسینەکەی ئەلفوبێی کوردی بەپەسەند دەزانیین، چونکە زمانی خوێندن و حکومەتی کوردیی هەرێمی کوردستان بە کرمانجیی ناوەڕاستە. لەڕووی زانستیی و ڕێبازی کارکردنەوە، بۆ دەرخستنی ڕاستییەکانی ئەم زمانی نوسیین و ئەلفوبێیە، لەسەر بنەمای ڕێزمانەکەو پێکهاتەکانی، دەشێت بناغەی نوسینی کرمانجیی ناوەڕاست بە ئەلفوبێی لاتینیش دابڕێژرێت.

ت– کرمانجیی ناوەڕاست، کە زارێکی سەرەکیی زمانی کوردییە، لەچەند وەچەزارێك (Subdialect) دروستبووە، بۆیە دەبێت زانستیانەو پێڕەوبەندانە (systematic) کاری لەسەربکرێت، تاوەکو زمانە بەستاندەرکراوەکە ببێتە زمانی هەموان. کارە زانستیەکانی تاوەکو ئەمڕۆ لەسەر زمانی کوردی(ڕێزمانەکەی) جێبەجێکراون، لەیەکتری دابڕاون و بۆ ئەو ئامانجەیش ئاراستە نەکراون، تالەڕێیانەوەزمانێکی ستاندارد بهێنرێتەدیێ.

ج– ئەدگارەکانی نوسینی کوردیی و وانەگوتنەوە، هێشتا هەر کاریگەری پێداگۆکی عەرەبی و فارسییان پێوە دیارە: ئەلفوبێی کوردیی کەموکورتیی هەیە و ئەلفوبێی رووت نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە پێڕەوی نوسینی ئەلفوبێیی و ئەلفوبێی بڕگەیی.

نوسیینی ئەلفوبێی کوردی بە (ئەلفوبێی) بڕگەیی:

٨_ /جێبەجێکردن/ : جێ – بە – جێ – کر – دن : جێبەجێکردن

لەنوسینی ناوەکاندا پەیڕەوی مەرجەکانی زمانی عارەبیی دەکرێت.

٩_ محمود ~ محموود : مەحموود

نموونەکان دوو ڕاستی ئاشکرادەکەن: پیتەکان بەڕێگای حونجەکردنی بڕگەیی و لەڕێگای لەبەرکردنەوە/ دەرخکردنەوە فێری قوتابیان دەکرێن. ئەم ڕاستییە لە فێرکردنی ناوە عەرەبییەکان و ئەو وشە کوردیانەدا، کە دەنگی بڕگەیان (ڤاوڵییان) تێدا نییە، کێشەی ئاڵۆز بۆ قوتابیان دروست دەکەن[١٧].

پێڕەوی نوسینی زمانە سامییەکان، بەپێچەوانەی زمانە ئێرانیەکانەوە، ئەلفوبێی رووت نییە، بەڵکو بڕگەییەو ئەمانەیش لە زمانی نوسینی کوردییدا دەبینرێنەوە:

١٠_ کْتْبْ کُتِبْ مْکتُوبء دِیۊ

چ– نموونەکان ئەوەیان نیشاندا، کە دروستنوسینێکی (ڕێنوسێکی) یەکگرتومان نییە، بۆیە لەیەکگەیشتنمان ئاڵۆزو پڕ کێشەیە. دروستنوسینی یەکگرتوو لەیەکگەیشتن ئاسانتر دەکات و ئەلفوبێیەکی فۆنێمیی ستانداردیش بۆ ئێمە فێربوون و خوێندنەوە روونترو سەرکەوتووتر دەکات. کەواتە

[١٦] Christal, D. (1975).

[١٧]ئەم زانیاری و ڕونکراوانە لە پرۆژەی بەستاندەردکردنی محمەدی محوی (٢٠١١–٢٠١٢) وە وەرگیراون.بۆ جیاوازییەکانی نێوان بەستانداردکردن و بەستانداردبوون، بڕوانە ئەو سەرچاوەیە.

پێویستە کارە زانستییەکان لەچێوەی ئەمڕۆی واقیعی خوارو و ڕۆژهەلاتی کوردستاندا جێبەجێبکرێن، هەم لە ڕووی ڕامیاریی و کۆمەلایەتیی و هەم لە ڕووی زمانیی و ویژەوانییەوە.

ح– بۆ زمانی نوسینی کوردیی/کرمانجیی ناوەڕاست ئەلفوبێی کوردیی بەهەڵە_ناسراو بە ئەلفوبێی عارەبیی بەکاردەهێنرێت.

مامەڵەکردنی زمانەوانیی ڕێزمانەوانە کوردەکان زۆرتر لەگەڵ گرافێم و پێڕەوی نوسیندا بووەو هەوڵەکانیان بۆ چاکترکردنی پێڕەوبەندانەو زانستیی تەواوی زمانی نوسیین و ئۆرسۆگرافیەکەی نەبوون[18]، بۆیە ناتوانرێت بە ڕیفۆرمی زمان/زمانیی دابنرێن. ئۆرسۆگرافییەکەی نوسینی وشەو فرێزی لە چەشنی (دەموچاو : دەم و چاو، دەستکورت : دەست کورت ) ی نەگرتۆتەخۆ. هەر کەسەو وشەو دەربڕاوەکان بە حەزو ئارەزوی خۆی دەنوسێت ، بۆ نموونە بەسەریەکەوە، بەلکاویی یان بەجیا.

١١_ جێبەجێکردن : جێ بەجێ کردن ~ جێبەجێ کردن.

خ_ خاڵبەندی بەنیوەناچڵی لەبەردەستدایە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەردەوام و یاسابەندانە (regular)، کاریپێناکرێت.

ع– کرمانجیی ناوەڕاست، گەرنەکرێت بە ستاندارد، لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە.

حکومەتی هەرێم لە خوارووی کوردستاندایێویستی بەزمانێکی بەستانداردکراوە، تاوەکو بەفەرمیی/دەستووریی بکرێتە زمانی دیوان : لەپەرلەمان، لە دادگا، لەپەروەردەو فێربوندا، لە بوارەکانی کارگێڕی و بەڕێوبردندا، لەسیاسەت، لە ڕاگەیاندن و بازرگانیدا، لە ویژەو وویژەوانیدا سودی لێببینرێت. بە بێ بوونی زمانی دیوان، حکومەت بێ ناسنامەیە!

غ_ لەبەستانداردکردنی کرمانجیی ناوەڕاستدا، تەنها شێوەزاری سلێمانی وەك جۆری دروست/ ڕاست بەکورد ناناسرێنرێت، بەڵکو وەچەزارەکانی (موکری، سلێمانی، هەولێر، گەرمیان) لەو ڕێیەوە ڕەچاودەکرێن وە دەکرێنە بنەمای زمانە ستانداردکراوەکە، کە بەگشتی حساب بۆ فەرهەنگی ئاوەزیی کوردی دەکرێت، واتە تەنانەت گەلێك لایەنی پەیوەستداری کرمانجیی سەرویش دەهێنرێتە ناوەوە. کەواتە شکۆداریی زمانە بەستاندەردکراوەکە لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە زمانی هەموانە و بۆ هەموان یەك جۆر زمانە.

## بەشی سێهەم

### پەروەردەلەوەرگرتن و فێربووندا

لە پرۆسەکانی خوێندن و پەروەردەی زمانی دایکدا، زمانی ستاندارد وەردەگیردرێت. گەنجی زمانەکە/نۆرمە هەڵهێنجراوەکانی زمانەکە، کە یاساکانی ڕێزمانن، لەگەڵ فەرهەنگەکەدا بەسەر بابەتەکانی خوێندندا دابەشدەکرێن، بەجۆرێك ،کەتەواوکەری یەکتریی بن. واتە بەپێی قۆناغەکانی خوێندن دەهێنرێنەوەو بابەتەکانی ویژەوانی لەگەڵدا دەگونجێنرێن. لەبەرئەوەی نۆرمەکانی زمانی کوردیی تەواو بەدروستی هەڵنەهێنجراون و نەچەسپێنراون، دیارە بەشێکی باشیان نەکراونەتە بابەتی خوێندن یان فێربوون. لەتەك ئەوەیشدا ڕەچاوی تەواوی مۆدیلی زمانی کوردیی و تایبەتمەنییەکانی نەکراوە، کە تێیدا پێکهاتەی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی ڕژاونەتەناو یەکەوەو تێکەڵ بەیەکتری بوون. ئێستا لە شێوەی ئاماژەدا، هەندێك لەو بنەماو لایەنانە دەخرێنەڕوو[19]:

---

[18] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1979_ا) !

[19] زانیاریەکان لەسەر پێڕەوی ئەرگەتیڤیی وەچەزاری سلێمانیی لەم سەرچاوانەوە وەرگیراون: محەمەدی مەحوی (٢٠١٣_ا) . زانیاریەکان لەسەر ئاوەڵناوو ئاوەڵکردایش لەم سەرچاوانەوە هاتوون: محەمەدی مەحویی (٢٠١٣_ب). وردەکاریەکان لەسەر پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکانی وشەدروستکردن و شکاندنەوە لە محەمەدی مەحوی (٢٠١٠) ەوە وەرگیراون.

١- بەرهەمهێنانی ڕستەو گرنگیی پێڕەوی ئەرگەتیڤیی:

ا- ڕێکەوتنەکان : بکەر – کردار

١ _ ئێمە تۆ دەبین_یین.

بکەر – بەرکار

٢ _ ئێمە تۆم_ان بینیی.

بەرکار – کردار

٣_ من منداڵانێکی زۆر_م هە_ن.

٤_ من هەر تۆ_م هە_یت.

ب- کۆمەڵەکانی کلیتیکیەکان و جیاکردنەوەیان لە جێناوی بەرکاری (کلیتیکی بەرکاری) لە کرداری ئاڵۆزدا (مۆرفۆسینتاکس) و لەجێناوی سەربەخۆ.

جێناوی سەربەخۆ: من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان.

کلیتیکی ڕێکەوتن: م، مان، ت، تان، ی، یان : م، یین، یت، ن، ێت، ن.

جێناوی بەرکاریی: م، یین، ییت، ن، سفر، ن : م، مان، ت، تان، ی، یان.

٥ _ا گرت_تان_یین.

٥_ب دە_مان_گر_ن.

جێناوی خۆیی و خاوەندارییی: م، مان، ت، تان، ی، یان.

٦_ا کوڕەکە_مان.

٦_ب ئێمە خۆ_مان.

پ_ کرداری تێنەپەڕی چالاك:

٧ _ ڕامانکرد.

ت_ ئەو کردارانەی، کە دەشێت هەم تێپەڕو هەم تێنەپەڕ بن.

/هەبوون/: ٨_ا من هەم.

٨_ب من هەر تۆم هەیت.

٢- مۆرفۆسینتاکس:

ا- پێکهاتەکانی (مۆرفیمەکانی شکاندوەو گەردانکردن) لەگەڵ پۆلێنکردن و جیاکردنەوەیان (تاف):

٩_ا گر_ت_مان.

٩ _ب ب_مانگر_ت_ایە.

٩ _پ دە_گرم.

٩ _ت ب_گرم.

ب- ڕوودان و دەرکەوتنی سینتاکسییان لەگەڵ گۆکردن(بەجێهێنانی ئەرکی سینتاکسییان) وڕۆڵ بینینیان

(تاف/ڕوکار):                ١٠_ا   ئەگەر دە_مگرتن، ...
١٠_ب  ئەگەر دە_تانگرم، ...
١٠_پ  ئەگەر دە_گیران، ...
١٠_ت  ئەگەر دە_گییردرێن، ...

٣_پێڕەوی کرداری بکەرنادیارو کرداری تێنەپەر:
ا   کرداری بەلێکسێمبووی بکەرنادیار:
/گیران١/، /گیران٢/

١١_ا  دزەکان  گیران.
١١ _ب  زێرابەکە گیرا.
١٢_  بایەکە هەڵیکرد.
١٣_ دەرگاکە کرایەوە.

ب_  بکەرنادیاری سینتاکسیی:
١٤_ چاکە هاتە کوڵ.

٤- جیاکردنەوەی مۆرفۆلۆژی وشە دروستکردن لە مۆرفۆلۆژی شکاندنەوەو جیاوازییان لە نوسیندا.
١٥_  /دەموچاو/  :  "دەم و چاو"
١٦_ /چاوشیین/  : "چاوی شیین"
١٧_ /ناوشاخان/  : "ناو شاخان"

٥-مۆرفیمەکانی ئاڕاستەو پێڕەوەکانیان:
١٨ _  هەڵ_خستن.
١٩ _ ڕا_خستن .
٢٠_ دا_خستن .
٢١ _ ڕۆ_چوون.
٢٢_ا لە سلێمانیی_ەوە.
٢٢ _ب لە سلێمانی_دا.
٢٣_ا بەناوی خوا_وە.
٢٣_ب بەناوی خوا.

٦_ پێڕەوەکانی پێشناوەکان لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردییدا (فەرهەنگ/مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس):
پیٚ_گرتن، تیٚ_گرتن، لیٚ_کردن، کردن_ە ناو/سەر.
بە، بۆ، (بە)بیٚ، لە، ە.
٢٤_   بەدەم .
٢٥_  بە دەمە.
٢٦_ بەبۆنکەوت .
٢٧ _  بە بۆنە.

٧-بکەرخراویی:

٢٨_ بەخوا کەسێکی بەدەمە. ~ بەخوا (پڕۆ) بەدەمە.

٨-گۆکردنی سینتاکسیی ئاوەڵناوە ئاوەڵکردار:

٢٩_ کچی جوان.

٣٠ _ ئەو جوان دەنوسێت.

٣١_ ئەو جوانە.

٣٢_ ئەوان زوو گەیشتنە.

٣٣_ بەیانی زوو دەگەن.

٣٤ _ هێشتا هەر زووە.

٩-فرێز و چەشنەکانیان : خستنە پاڵ و خستنەتەکیەك وشەو فرێز بە /و/ و بە /ە/ و جۆری نوسینیان.

٣٥ _ "چاوی شین" : /چاوشین/ (بیشڕوانە (١٦) !

٣٦ _ "کوڕ_ە_ئازاکە" : /پیر_ە_مێردەکە/

١٠- رستەی سادەو رستەی ئاڵۆز و چەشنەکانیان:

٣٧_ ئەو هات.

٣٨_ ئەو دەیەوێت بێت.

٣٩_ ئەو نامە دەنوسێت.

٤٠_ ئەو بۆیە ناخەوێت، چونکە کارێکی زۆری ماوە تەواویبکات

١١- پەیوەندی دەنگ و پیت / فۆنێم و گرافێم (بڕوانە کتێبی "خوێندنی کوردیی"!).

١٢- سێمانتیك و پراگماتیك (لیکسیکیی و فەرهەنگیی)، بابەتێکە لەبواری سێمانتیك و پراگماتیکدا، کەوابەستەی دەوروبەرو بەتایبەتی کلتووری کۆمەڵ ، یان جیهانییە:

٤١_ا پرسیار: ئەو بۆچی ئاهەنگەکەی بەجێهێشت؟

٤١_ب وەڵام: لەبەرئەوەی منداڵە.

"منداڵ"لەم دەقەدا وەك چەمکێکی پراگماتیکی (بەپێی بیرکردنەوەی کلتوری وکۆمەڵایەتی واتا میتافۆریەکەی وەرگیراوە)[٢٠]

## ئەنجام

لەکۆتاییداگەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کەرێزمانێکی پەسنکەرانەی کوردیی ئامادەکراو بەپێی مۆدێلی ڕێزمانەکەی وپێڕەوەگشتییەکەی،لەبەردەستدانین، تاوەکو بابەتەکانی بەسەر قۆناغەکانی خوێندن و هەر وەرزێکدا/وانەیەکدا دابەشبکرێن. جیاوازیی نێوان بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ بەرهەم و ئەنجامەکانی مامۆستاکانی بەشەکوردییەکانی زانکۆکانی کوردستاندا ئاشکراوڕونن و نموونەکانی ئەم توێژینەوەیەیش بەشێکی ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، ئەمەیش پێداچونەوەی سەرلەنوێ بەسەر بابەتەکانی ڕێزماندا دەسەپێنێت.

[٢٠] تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠١٣: ١٤٩).

**<u>سەرچاوە بە زمانی کوردیی</u>**

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩_ا)، "نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی"، چاپخانەی علا، بەغدا.**

**= = = (١٩٧٩_ب)، " ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی یەکەم– ناو"، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا.**

**= = = (١٩٩٨)، "ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی چوارەم– ژمارەو ئاوەڵکردار"، دار الحریە للگباعە، بەغدا.**

**= = = (٢٠٠٠)، "ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی پێنجەم– کردار"، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.**

**تریفەعومەرئەحمەد(٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،سکوڵی زمان**

**محەمەدی مەحوی، "زمان و زمانەوانیی لە ڕۆژنامەگەرێتیدا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (٢٠٠٠)، ژمارە (١) بەشی** B.

**= = (٢٠٠١)، "ڕستەسازیی"، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.**

**= = (٢٠٠٧)، "مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان"ن زانکۆی سلێمانی.**

**= = (٢٠١٠)، "مۆڕفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان: مۆڕفۆلۆژی کوردیی"، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.**

**= = "ئاوەڵکردار، ئاوەڵکردارییی و ناوی کات"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٢)، ئەیلولی (٢٠١٣)،**

**= = (٢٠١٣_ا)، "ئاوەڵناوی کوردیی لەنێوان تیۆریی و تایبەتمەندیەکانیدا"، لە بڵاوکردنەوەدایە.**

**= = (٢٠١٣_ب)، "گۆکردنی سینتاکسیی ئاوەڵناو لە وەچەزاری سلێمانییدا"، لە بڵاوکردنەوەدایە.**

**= = (٢٠١٣_پ)، "سینتاکسی ئەرگەتیڤیی/ئەبسۆلوتیڤیی کوردیی: ئەرگەتیڤیی شەقبووی وەچەزاری سلێمانی"، لە بڵاوکردنەوەدایە.**

**سەرچاوەکانی "خوێندنی کوردیی، چالاکیی، ڕابەر بۆ مامۆستا" (٢٠١٣)، وەزارەتی پەروەردە.**

**هۆگرمەحموود فەرەج (٢٠١٠_ا)"تیژکدانێك لەوشەی کوردەواری و دەستەواژەی کۆمەڵگای کوردەواری"، لاپەڕەی فەرهەنگ، ڕۆژنامەی هەولێر، هەولێر.**

**= = = (٢٠١٠_ب)"چاکی مەکە باخراپ نەبێت"، لاپەڕەی فەرهەنگ، ڕۆژنامەی هەولێر، هەولێر.**

**= = = (٢٠١٠_پ)"لەنێوان ( چالاك و چالاکوان) دا مەبەستپێك کامیانە؟ "، لاپەڕەی فەرهەنگ، ڕۆژنامەی هەولێر، هەولێر.**

**<u>سەرچاوە بە زمانی بیانیی</u>**

Besne, E. und andere (eds.) (1976),“Beschreibungsmethoden des amerikanischen strukturalismus”, Muenchen.

Chomsky, N. (1965), <u>“Aspects of the theory of syntax”,</u> Cambridge, Mass.

= = (1968), <u>“Language and mind”</u>, New York.

= = (1975), <u>“Reflections on Language”,</u> New York.

Cherubim, D. (1976), <u>“Grammatische Kategorien. Das Verhaeltnis von traditioneller und moderner Sprachwissenschaft”,</u> Tuebingen.

Christal,D. (1975), <u>„The prosody and paralanguage“,</u> London.

Halbe, H. (ed) (1976), <u>„Psycholingusitik“,</u> S. 124-137 Darmstadt.

Hockett, C. F.(1958), <u>„A course in modern linguistics“</u>, New York



## الخلاصة

**التحليل ما قبل الوصفي للغة لا يمكِنهُ تأسيس القواعد الشاملة و الوافية للغة، لِذا لا يُمكن أستفادة مِن مصادر و أجزاء و المنهج البحث التحليل ما قبل الوصفي خصوصاً لبناء منهج الدراسي للمرحلة الابتدائية. من هذا المنطلق أنشاء أي منهج الابتدائي على الاساس التحليل ما قبل الوصفي يكون نتائجه انتاج الظواهر غير العلمية و تشويه اللغة بحد ذاتها. على اساس هذا المفهوم يُحاول هذا البحث الوصول الى النتائج العلمية البحتة ألا وهيَ وجوب انهاء و التقديم القواعد الوصفية للغة الكردية، بعد اعداد هذا النوع من القواعد يجب توزيع المواضيع القواعد اللغة الكردية من الجديد على اساس فكرة اجزاء القواعد و منظومته على المراحل الدراسية.**



## Abstract

The prescriptive analysis of language can not represent adequate grammar to language, thus this treatment may be followed by unreasonable scientific phenomena and it distorts the language.

After preparing and accomplishing the descriptive grammar for the Kurdish language, the subjects and programs of Kurdish grammar must be distributed according to the organized descriptive module for each course of all teaching stages.